کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
12-2-2007 0:50 بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئەگەر ناتوانن فیلمێکی باش بەرهەم بهێنن، لێمەگەڕێن فیلمێکی خراپ لەدایک بێت ... کارزان گلی

لەهەفتەیەكدا ئەگەر سێ فیلمی سیدی نەكەوێتە بازاڕەوە، ئەوا بێشك فیلمێك بەرهەم دەهێنرێت و بەهەزاران سیدیشی لێدەفرۆشرێت، بەڵام پرسیارەكە لێرەدایە ئاخۆ كێ تەماشای فیلمێك دەكات كە بە دوو یان سێ ڕۆژ كاری وێنەگرتن و مۆنتاژ و. . هتد هەموو بۆ جێبەجێ كرابێت؟ ئەو كەسانەی بەدیار ئەو فیلمانەوە دادەنیشن كەسانی ڕۆشنبیرن یاخود ئاسایی؟ ئەو فیلمانە بەلای سینەماكار و دەرهێنەرە بەتواناكانمان پەسەندە یاخود نا؟ ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاریتر لەكاتی بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە سیدیانەی بازاڕەوە لەدایك دەبن و وڵامەكەشیان لەلای هیچ دەرهێنەر و ڕۆشنبیرێك دەست ناكەوێت. ئەوەندەی من بزانم لەمنداڵ زیاتر هیچ كەسێكی تر بەدیار ئەو فیلمانەوە كات ناباتە سەر، نەك لەبەر ئەوەی منداڵ نازانێت لایەنی باش و خراپی بەرهەمەكە دیاری بكات یاخود لەبەر ئەوەی ڕەچاوی لایەنە هونەرییەكەی نەكراوە، بەڵكو هەندێك وشە بەكاردێت لەو فیلمانە نەك مایەی گاڵتەجارییە تەنانەت شەرم لەخۆت دەكەیتەوە ئەگەر لەگەڵ خێزانەكەشتدا سەیری بكەیت، بۆیە منداڵیش هەمیشە حەز بەپێكەنین دەكات ناچار زۆربەی كاتەكانی بۆ ئەو فیلمانە تەرخان دەكات. هیچ گومانێك لەوەدا نییە كە منداڵ شەیدای لاسایی كردنەوە دەكەن، هەر بۆیەشە منداڵەكانمان كام وشە ناشرینە لەناو فیلمەكاندا لەگەڵ یەكتردا بەكاری دەهێنن، چون منداڵانی ئێمە تا شتی خراپ هەبێت فێری باشەكە نابن، ئەو فەزایەی كۆمەڵگای ئێمەی تێدا دەژێت منداڵەكانمان هەر ئەوەندەی لێ فێردەبن، ئێمە منداڵەكانمان ئایدۆلۆژیایەكی پۆزەتیف باڵی بەسەر داگرتوون و ڕۆژ بەڕۆژیش ئەم لایەنە هەستی پێدەكرێت و تاقەتمان نییە بەدوای چارەسەرەكەیدا بگەڕێین، ئەی ئەوە نییە لەبڕی ئەوەی منداڵانمان ڕابهێنن لەسەر كۆمپیتەر و ئەنتەرنێت و فێری هەستی نیشتیمان پەروەرییان بكەین دەچین فیلمێك كەهەموو قسەكانیان بازاڕی و جنێودان بەیەكترییە نیشانی منداڵەكانمان دەدەین و چەندین كاتژمێریش بەدیارییەوە دادەنیشن. ئەی ئەوە نییە دایكان و باوكان خۆیان پارە دەدەنە منداڵەكانیان تا سیدی پێبكڕن و لەگەڵ ئەواندا بەیەكەوە تەماشای دەكەن و بگرە چەندین جاریش دووبارەی دەكەنەوە و قاقای پێكەنینیان ڕۆژە ڕێیەك دەڕوات، ئیتر بۆچی تەنها منداڵانمان تاوانبار بكەین، ئەگەر لەماڵەوە ڕێگەمان لەمنداڵەكانمان گرت و ڕێنمایی شتە باشەكانمان پێگوتن، بێگومان منداڵیش گوێڕایەڵی لەخۆی گەرەتر دەكات.

منداڵانمان كاتەكانیان ئەوەندە بەشتی بێسوود و زەرەرمەند بۆ دواڕۆژی خۆیان بەسەر دەبەن، بۆیە ئاستی زیرەكیان لەقوتابخانەكان هەمیشە لەنزمیدایە، من ناڵێم ئەم فیلمانە وای كردووە منداڵانمان تەمبەڵ بن و خوێندن وەلا بنێن، بەڵكو دەڵێم ئەمە هۆیەكە بۆ دابڕانی منداڵەكانمان لەخوێندن و تەكنەلوژیای سەردەم، هۆكارێكیشە بۆ تێكچوونی زمانی منداڵانمان لەماڵەوە و قوتابخانەكاندا.

من بۆ خۆم هیچ كاتێك بەدیار ئەو فیلمانەوە كات بەسەر نابەم، لێ خەفەت بۆ ئەوە دەخۆم كە هونەرمەندی بەئەزموون ڕۆڵ لەو فیلمانەدا دەبینن، ئەو هونەرمەندانەی كەوا ساڵانێك لەگیرفانی خۆیان و دەمی ماڵ و منداڵەكانیان دەردەهێنا بۆ ئەوەی فیلمێكی پێبەرهەم بهێنن، كەچی هەر هەمان كەسایەتین لەبەر نەبوونی و پەیداكردنی بڕێك پارە خوویان داوەتە فیلمی بازاڕی و كاتێكیش پرسیاریان لێدەكەیت لێشی پەشیمان نین و بەشانازییەوە باسی دەكەن.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پرسیارم لەهونەرمەندێکی بەئەزموونی ساڵی حەفتاکان کرد، کە حەز ناکەم ناوی ببەم لەم بابەتەمدا، بۆچی مێژووی هونەری خۆت بەو فیلمانە لەکەدار دەکەیت، کە دەزانیت ئەم فیلمانە تەنها بۆ پارە پەیدا کردنە و بەس؟ کەچی ئەو پێی گوتم من هیچ پەشیمان نیم لەبەشداری کردنم لەو فیلمانەدا، چونکە بژێوی ژیانم بەو فیلمە سیدییانەیە، ئیتر ئێوە چۆنی لێکدەدەنەوە ئەو هیچ گرفتێك نییە، مادام حکومەت رێز لەئەزموونی هونەری من نەگرێت و نەتوانێت بژێوی ژیانم دابین بکات ئیتر بۆچی من خەفەتی بۆ بخۆم، بەڵێنیشم داوە تا دەمرم واز لەفیلمی سیدی نەهێنم. ئەمەیە وڵامی هونەرمەندێك کەساڵانێکی زۆر شەونخوونی و خزمەتی هونەری کوردی کردووە ئێستاش لەبەر بژێوی ژیانی هەموو ڕۆڵێك دەبینێت کەدەشزانێت لەکەسایەتیشی کەمدەبێتەوە.

لەهەموو وڵاتانی دونیا کاتێك فیلمێك بەرهەم دەهێنرێت، جا دەزگایەکی ناحکومی بێت یاخود حکومی، دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسەر بێت ئەوکات بۆیان هەیە دەست بکەن بەوێنەگرتنی فیلمەکەیان، بەڵام لەوڵاتی ئێمە ڕێك پێچەوانەکەیەتی ئەوەتا ئەو بەناو دەرهێنەرانەمان هەر کاتێك هەوەسیان گرتی فیلمێکت بە دوو ڕۆژ بۆ بەرهەمدەهێنن و بەبێ ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئاگاشی لێبێت. ئاخر لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەگەر سانسۆر لەسەر بازاڕی ئازاد و کرێ خانوو نییە، ئەگەر ناتوانین کێشەی کارەباو بەنزین و نەوت چارەسەر بکەین، خۆ دەتوانین سانسۆر لەسەر ئەو فیلمە بێبنەماو ناهونەرییانە دابنێین، کە دەبنە هۆی تێکچوونی ڕەوشتی ڕۆڵەکانمان و تێکچوونی زمانی قسەکردنیان یاخود ئەگەر ناتوانین فیلمێکی باش بەرهەم بهێنین بۆ لێدەگەڕێن خراپەکان بکەوێتە بازاڕەوە.

من کاتێك باسی ئەو فیلمە بازاڕیانە یاخود (بازرگانیان) ە دەکەم بەخراپی، مەبەستم ئەوە نییە فیلمەکانیتر لەو باشترن نەخێر فیلممان هەیە پارەیەکی زۆری تێدا خەرج کراوە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە کەچی شیاوی ئەوە نەبووە لەکەناڵە ئاسمانییەکانیش پەخش بکرێت، من تەنها یەك جیاوازی دەبینم لەنێوان ئەو فیلمە سیدیانەی بازاڕ و ئەو فیلمانەی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بەرهەمدەهێنرێن، ئەویش فیلمە بازاڕییەکان لەگیرفانی خۆیان فیلم بەرهەم دەهێنن، ئەویتریشیان لەلایەن حکومەتەوە پارەی بۆ خەرج دەکرێت، وەلێ کە دەڵێم ئەو فیلمانەی لەلایەن وەزارەتەوە پشتگیری لێدەکرێت مەبەستم هەموو ئەو فیلمانە نییە، تەنها ئەو فیلمانە نەبێت کە باش لەخۆیان دەگەن و پێویست ناکات ناویان بەرین.

ئەگەر بمانەوێت هونەرەکەی خۆمان بەدنیا بناسێنین، ئەگەر بمانەوێت ئەو هەموو ئازار و مەینەتییەی بەسەر گەلەکەماندا هاتووە بەوێنە نیشانی گەلانی تر بدەین، باڕێگە بگرین لەو فیلمانەی تەنها بۆ پارە پەیداکردن هونەرەکەمان دەشێوێنن و تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان بیر دەکەنەوە، با وەزارەتی ڕۆشنبیری بیر لەوە بکاتەوە چیتر هەرکەسەو هەڵنەستێت خۆی بکات بەدەرهێنەر و بە دوو ڕۆژ فیلمێك بخاتە بازاڕەوە کە دەزانین ئایدۆلۆژیایەکی سلبی بۆ نەوەکانمان جێ دەهێڵێت.

Karzan_ma82@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.